# ژیربێژیی و دانایی لە تەرازووی فەلسەفەی زماندا

# (چیرۆکی قورئانی خدری زیندە بە نمونە)

پ.ی.م. بێستون ئەبوبەکر عەلی

## پێشەکی

وشە سەرەکییەکان: (زمان، زانستی زمان، ژیربێژیی: فەلسەفە، دانایی: حەکیمەت، عەقڵ:ئاوەز).

ئەم جۆرە توێژینەوانە لە ناو سەرچاوە زانستییە کوردییەکاندا بە کەمی کاریان لەسەر کراوە. زاراوەی "ژیربێژیی" بەرانبەر (فەلسەفەیە) و زاراوەی دانایی بەرانبەر (حیکمەت) دانراوە، جارجاریش لە بەر پێوستی توژینەوەکە زاراوەی حیکمەت و فەلسەفە وەک خۆی دانراوەتەوە.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: بۆ پەیوەندیی نێوان زمان و فەلسەفە و پەیوەندیی زمانی کوردیی و فەلسەفە و حیکمەت و ناساندنی ئەم چەمکانە بە شێوەیەکی زانستی تەرخانکراوە، بە پێی پێویستیش وەکو نموونەیەك بۆ لاکردنەوە لە ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەلات بەرانبەر ڕۆژئاوا) سوودمان لە زانایان و کولتووری ئێرانی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی کولتووری کوردی پێ بە هێزتر بکەین. ئەم شیکردنەوانەیش لە تەرازووی فەلسەفەی زماندا کراون، لە بەر ئەوەی بابەتییانە توێژینەوەکە بکەین. هۆکاری سەرەکییش بۆ هەڵبژاردنی ئەم توێژنەوەیە، لاکردنەوەیەکە لە فەلسەفەی زمانی کوردیی، کە کاری کەمی لەسەر کراوە.

بەشی دووەم: بەشێکی کارەکییە و هەوڵدراوە، لە ڕێگەی هەندێك لە بیر و بۆچوونە سەرەتاییەکانی (کتێبی تراکتاتۆس: پەیامی فەلسەفی) فەیلەسوف (لۆدڤیك ڤیتگنشاتین (١٨٨٩-١٩٥١) وەرگیرراوە و بەراورد بە نموونەیەکی چیرۆکی قورئانی (سورەتی کەهف: موسا (د.خ) لە ڕێگەی (ڕستەکانیانی دەقەکەوە) دەربڕاوەکانییەوەوە – کراوە. ئەم توێژینەوەیە هەنگاوێکە دەتوانرێت لە لایەن شارەزایانەوە زیاتر پەرەپێبدرێت و قوڵتر لێکۆڵینەوەی تێدابکرێت، لە کۆتاییشدا بە چەند ئەنجامێکی زانستی گەیشتووین.

وشەکانی زمان لە بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا، بە ئەم شێوەیە دەکرێت دروستبووبێت. سەرەتا مرۆڤەکان بە چاو و بە هەستەکانی تریش شتێکیان بینیووە و ناسیویانە، دواتر بۆ ناو

عەقڵیان (ئاوەزیان) گواستوویانەتەوە. عەقڵیش تەرازووی ئەم وشانەی کردووە و بە بیرکردنەوە بڕیاری لەسەر داون. پاشان لە یادگەی درێژخایەنی مرۆڤەکاندا تۆمارکراون. بە ئەم شێوەیە دەتوانین بڵێین: ناوەکان بە وشەبوون و هاتووەنەتە ناو زمانەکانەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژنەوەیە، بۆ ئەوە گەراوەتەوە، کە لە زمانی کوردیدا کەم خوێندنەوەی فەلسەفی بۆ وشە و چیرۆکە قورئانییەکە کراوە، هاوکات بە پێی ڕێبازێکی وەسفی و شیکاری و هێنانەوەی نمونەکە توێژینەوەکە کاری تێداکراوە.

**١) تێورییەکانی پەیدابوونی زمان و زمانە جیاوازەکان**

زمان و فەلسەفە توێژینەوەی زۆری تێدا کراوە، پەیوەستیان بە یەکەوە هەبووە و کاریگەریشیان بەسەر یەکترییەوە هەیە، بەپێی گۆشەنیگا و تیۆری جیاوازیش توێژینەوەیان تێدا کردووە. لێرەوە دەتوانین تێڕوانیینە سەرەکییەکان لە بارەی پەیدابوون و جیاوازیی زمانەکانەوە وەربگرین، کە لە سێ تیۆری سەرەکەییدا پۆلێنکراون، کە ئەمانەن (حەمەڕەحیم: ٢٠٠٩: ٥):

١. تیۆری عەقڵی

٢. تیۆری سروشتیی

٣. تیۆری دروستەیی

هەموو ئەو تێڕوانیانەی کە هەبوونی زمانە جیاوازەکان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە زمان عەقڵییە (یان زمان لە ناو عەقڵدایە)، ئەم تێڕوانینەیش بە (تیۆری عەقڵیی) ناونراوە.

ئەو تیۆریانەی کە جیاوازیی ژینگە و سروشت بە هۆکاری جیاوازیی زمانەکانیان زانیووە، یان سروشتی جیاوازیی میللەتەکانیان بە سەرچاوەی پەیدابوونی زمانە جیاوازەکان زانیووە، بە (تیۆری سروشتیی) دانراون .

هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە زمان بە دروستکراوێکی کۆمەڵگەی مرۆیی دەزانن و پەیدابوونی زمان و جیاوازیی زماننیەکان بۆ ئەو توانایەی کە مرۆڤ لە دروستکردنی شتەکاندا هەیەتی - گەڕاندوویانەتەوە، لە ڕێگەی بۆچوونەکانی (فەریدناند دیسۆسێر)ەوە، لە چوارچێوەی تیۆری دروستەکاریی دانراون و گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە (حەمەڕەحیم: ٢٠٠٩: ٥).

وەکو دەبینین زمان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشاکراوە و هەر تەماشاکردنێکیش جۆرێك تیۆریی بەرهەمهێناوە، کە لە ئەم توێژینەوە سود لە هەر سێ تیۆرییەکە بۆ شیکردنەوەی واتایی و ڕستە و گفتوگۆ ژیربێژیی و داناییەکان وەردەگرین.

**١) هاوبەشیەکانی زانستی زمان و فەلسەفە**

ئاشکرایە(توێژینەوە لە زماندا بە کۆنترین لقەکانی شیکردنەوەی زانستی دادەنرێت، ئەو میللەتانەیشی کاریان لەسەر کردووە، بریتین: لە (هیندییەکان و یۆنانییەکان) لە روانگەی جیاوازەوە کاری زۆریان تێدا کردووە و زانیاری باشیان بەرچاوخستووە. ئەوەی لە بواری زانستی زماندا نزیکەی چل ساڵە خراوەتەڕوو، پاشخانەکەی بۆ کارکردنی میللەتانی کۆن دەگەڕێتەوە.) (چۆمسکی: ٨٥:٢٠٠٥).

(زانستی زمان بە گشتی دەکرێت بەدوو بەشەوە، زانستی زمانی تیۆری و زانستی زمانی کارەکیی، زانستی زمانی تیۆری، زمانێکی تایبەت دەپشکنێت بۆ ئەوەی تیۆرییەك لە ڕووی دروستە و گۆکردنەکانەوە بە دەست بخات.)(مەحوی: ٢٠٠١: ٥٤). وەك دەبینین زانستی زمان شیکردنەوە لە دەربڕاوە زمانییەکان لە شێوەی (دەنگ، وشە، ڕستە..هتد) کردووە، بۆ ئەوەی واتای ورد و شیکردنەوەی زانستی بخاتەڕوو.

زانستی زمانی کارەکی (Applesd langustic)، بەشێوەکی گشتی و مەیدانی لە زمان و بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵدا توێژینەوە دەکات و کار لەسەر چۆنییەتی و ڕێگا و داڕشتنی تیۆری بۆ خێرا فێربوونی زمانی دووەم دەکات، هەریەک لە زانستی زمانی دەروونی و کۆمەڵایەتی درکردن...تاد، بە لقێک لە لقەکانی زمانی کارەکی دادەنرێت. (حسێن (٤٩:٢٠٢١).

زمان و فەلسەفە لە ئەوەدا کە کەرەستەی هەردوکیان زمانە - هاوبەشن، بەڵام جیاوازیشیان هەیە، بۆ نمونە فەلسەفە توێژنەوەکانی لە ڕێگەی زمانەوە کردووە، بەڵام زانستی زمان توێژنەوەکانی لە زماندا کردووە و شیکردنەوەی لەسەر زمان خستوەڕوو. لێرەوە دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە فەلسەفە و زمان ڕایەڵی هاوبەشیان زۆرە. بەڵام زاراوەی ((فەلسەفەی زمان، یەکێکە لە لقە هاوچەرخەکانی فەلسەفە، لەسەرەتای سەدەی بیستەم و لەگەڵ فەیلەسوفانی ئەڵمانی و نەمسایی و ئینگلیزی و ئەنگلۆسەکسۆنیدا دەرکەوتووە)) (جەلال: ١٥:٢٠٢٠). دوای ئەوەی فەلسەفەکاریی زیاتر لە ڕێگەی زمانەوە توێژینەوە لە زمان و بونیادەکانییەوە واتادار و بە بایەختر بوو، ئەم ئاراستە نوێیەیش بە زانستی زمانی هاوچەرخ (turn Langustic) ناونراوە.( جەلال: ١٥:٢٠٢٠).

ئاشکرایە ((هیچ کات و سەردەمێك نەبووە، کە کۆمەڵگایەك تێیدا هیچ زمانێکی قسەکردنی بۆ خزمەتکردنی خۆی نەبوبێت و لە خزمەتی خۆیدا بەکاری نەبردبێت)) (مەحویی: ٢٠٠١: ٢٢). زمان هەر (لە سەرەتاوە کە توێژنەوەی تێداکراوە، بۆ سەردەمی بیرکردنەوەکانی یۆنانییەکان دەیگەڕێننەوە، کە جەختیان لەسەر هەنێدێك بابەت کردووەتەوە، ئەویش زمان چییە و کەی پەیدابووە، هەروەها پێوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو چۆنە، یان واتا و وشە پەیوەندیی نێوانیان چۆنە و چییە) (خیرە: ١٦:٢٠١٩). هاوکات (ئەفلاتۆن) کە یەکێکە لە ئەو (فەیلەسوفانەی کە باسی پەیوەندیی ناو و ناولێنراوی وشەکانی کردووە، پەیوەندییەکەیانی بە پەیوەندییەکی نەریتیی و کۆمەڵایەتیی دانەناوە، بەڵکو بە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و تۆکمە و تێکڕژاویی داناوە. (خیرە: ١٦:٢٠١٩).

ئەوانەی باسکراون و نوسراون ئەوەمان پێدەڵێن: کە زمان هەر لەسەرتاوە ئەو دەقە بووە، کە ژیربێژیی کاری تیاکردووە، بۆ گەیشتن بە ڕاستی و ڕاستەقیەنەکان (Truth) ، هاوشان پەیوەندی نێوان ئەم دوو پێکهاتەی ئیپستمۆلۆژیا ( تێوری زانین) پەیوەندییەکی ناوەکییە. لەبەر ئەوەی کە وا بینراوە، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە درکپێکردنەکانماندا بۆ ڕاستی و ڕاستەقینەکان هەیە. لێرەشەوە ژیربێژیی زمان (فەلسەفەی زمان) وەك زانستێکی سەربەخۆ گرنگی بە خستنەڕووی پانتایی و قووڵی زمان لە دەقەکانی ئەو دیوی سروشتدا (Metaphysics)داوە، واتە دەرخستنی ڕۆڵی زمان لە شیکردنەوەی ئایدیا و ڕاستی و ڕاستەقینەکاندا گرنگە و دیارە (قادر: ٢٠١٢: ٣٠).

وەکو بینرا، زمان و فەلسەفە لە مێژە پێکەوە پەیوەستیان هەیە، بە دوای ڕاستی گەڕاون و گواستنەوەی ڕاستیەکانیش، دەتوانرێت وەک خاڵی هاوبەشی فەلسەفە و زمان دابنرێت و هەردوکیان بە شاڕێی خۆیانی دەزانن، لە سەرەتاوە گرنگیی زیاتریان بە تێگەیشتنی واتای وشەو و دەقەکان داوە، لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێك بیروڕا دەرکەوتن، کە بە وردی باسی پەیوەندی زمان و فەلسەفەیانکردووە و بڕوایان وابووە، فەلسەفە بە بێ زمان هیچی بۆ ناکرێت، ئەم زانایانەیش لەژێر زاراوەی زانستی زمانی هاورچەرخدا (langustic turn)ناوبراون، ئەمانە کۆمەڵێک، یان بزوتنەوەیەکی فەلسەفی بوون، لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا زیاتر دەرکەوتن و کاریگەرییان بەسەر بیرکردنەوەی (ئەنگلۆ - سەکسۆنیدا) هەبووە و باڵیان بەسەریدا کێشاوە و بڕوایان وابووە، هەموو کێشە و گرفتەکانی فەلسەفە لە چێوەی زماندا چارەسەردەکرێن، نمونەی ئەو زانانەیش وەك (جۆن وەستن و میکائیل دۆمیت)ە. (خیرە: ٢٠١٩).

دوای ئەمانیش ئەو ڕێبازە نوێیەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە لایەن (نەوام چۆمسکی)یەوە داهێنراوە، هەرگیز دابڕاو نەبووە لەو قوتابخانە ژیربێژیانەی کە لە ڕابردوودا (بەتایبەت سەدەی (١٧ و ١٨) لەسەر زمان کاریانکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خودی ڕێبازەکە لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی ئەوان هەڵهێنجراو بووە، بەڵام بە شێوەکی تەواو جیاواز و ورتر، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێن: کە ژیربێژیی ڕەخنەیی بەناوبانگی سەدەی حەڤدە (ئەمانوئێویڵ کانت) کاریگەری لەسەربیرکردنەوە و بۆچوونەکانی (نەوام چۆمسکیی) هەبووە (قادر: ٢٠١٢: ٤٦).

کاتێک باسی زمان و فەلسەفە دەکەین، زاراوەی فەلسەفەی زمان دێتەئاراوە ((فەلسەفەی زمانیش لێکۆڵینەوەیە لە بیری مرۆڤ لە ڕێی هێما زمانییەکانییەوە. بە واتا هێما زمانییەکان هەڵگری بیرەکانن، بیر بەوەی چالاکی ئاوەزییە و لە مێشکدا گەڵاڵە دەبێت. مێشکیش کۆئەندامێکی گرنگە لە مرۆڤدا، بەرپرسی هەموو کار و چالاکییەکانە، کە لە ناوەوەی مرۆڤدا دەگوزەرێن، بەشێک لەوانە چالاکییە ئاوەزییەکانن (سۆز، وێناکردن، ئیرادە، بیر، پێویستی ..). بیر بابەتی پەیوەندیکردنی زمانە بە ئاوەزە)) (حسێن: ٢٠٢١:٥٢). واتە فەلسەفەی زمان واتایی وشەکان پەیوەست بە ئاوەزەوە شیدەکاتەوە و واتایاکانیان دەردەخات. کەواتە ئەم دووانە پەیوەندییان پێکەوە زۆرە.

**١/١ ) واتاکانی وشەی فەلسەفە لە تەرازوی زانستی زماندا**

وشەی فەلسەفە ((خۆی وشەیەکی یۆنانییە و هەتا ئێستا وشەیەکی ڕۆژهەڵاتیی نییە و نابێت، کە پڕ بەپێستی ئەو وشە ئەوروپاییانە بێت، کەواتە نەك هەر بابەتەکە، بەڵکو وشەکەیش لە ڕۆژهەڵاتدا نامۆیە)). (عەزیز: ٢٠١٥: ٥)، وەکو دەبینین ئەم توێژەرەی بواری فەلسەفەیش جەختی لە ئەوە کردووەتەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتدا ناو و ناوەڕۆکی فەلسەفە کەم بیستراوە و بە دەگمەن کاری تێداکراوە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: فەلسەفە بە شێوەیەکی زانستیی بریتییە لە ((هزراندن، وەکو تریش بیرکردنەوەیە کە تێکرای فەیلەسوفان (بیرمەندان، هزرەڤانان) کۆدەکاتەوە، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە تەنیا و تەنیا ئەو دەمە سەرکەوتوو و هیوابەخش دەبێت، کە خودی بیرکردنەوەکان ڕێگەی ڕاست بگرنەبەر)). (ئازاد حەمە: ٥:٢٠٠٧). لە ئەم پێناسەیەدا جۆرێك لە دوودڵیی لە کاری فەلسەفە هەیە و دوو دڵیەکەیش زانستیانە و زۆرباشە، چونکە ئەوە باسکراوە، کە فەلسەفە زۆرجار لە ڕاستیی دوورکەوتووەتەوە، ئەویش هۆکاری وردبوونەوەی زۆر و تەنیا پشبەستنە بە جۆرێك لەبیرکردنەوە، بەپێی سەردەمیش بابەتی فەلسەفە گۆڕانی تێدا هەبووە، هەموو سەردەمێك لە یەك شتیان نەکۆڵیوەتەوە، بۆ نموونە یۆنانییەکان بۆ ئەوەی چالاکیی فەلسەفە و (فەلسەفاندن) ئەنجامبدەن، (خودی

چالاکییە فەلسەفیەکانیان بۆ پێنج کاتیگۆری دابەشکردبوو: میتافیزیك (ئەو دیوی سروشت)، تێوری زانین، جوانکاریی، ئاکار، سیاسەت)، واتە فەلسەفە لە سیستەمی بیر پێکهاتووە، ئەم سیستەمەیش بەپێی مێژووی ڕۆژئاوا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بە سێ قۆناغ تێپەڕیووە، قۆناغی یەکەم بە قۆناغی کۆن (یۆنان و گریك)، قۆناغی ناوەڕاست، قۆناغی مۆدێرن - پێکهاتووە). (حەمە: ٢٠٠٧:١٠)، بەپێی قۆناغیش بیرکردنەوە لەسەر کەتییەگۆرییەکانی فەلسەفە گۆڕدراون.

لە یۆنانی دێریندا (نە خوداکان، نە بڕوای ئاییندارەکان، نە لە ئەفسانەکاندا نەتوانراوە وەڵامی تەواوی پرسیارە ئاکاریی و ڕامیاریی و پرسیارەکان لەسەر بوونناسیی بدەنەوە. خوداکان نەیانتوانیوە بە تەنگ پرسیاری ئاکاریی و میتافیزیکیی مرۆڤەکانەوە بێن و لە سەرخوانێك پێشکەشی مرۆڤایەتیی بکەن، هەر ئەمەیشە دەستی فەلسەفەی لە ئەو سەردەمەدا بۆ کارکردن و گەشەکردن ئاوەڵاکردبوو. فەلسەفەیش وەکو چالاکییەکی عەقڵیی سەربەخۆ کاریکردووە). (فاروق ڕەفیق: ٢٠٠٩:١٠٥)، لێرەوەیە کە (خوارزمی) دەڵێت: ((فەلسەفە زانستی ڕاستیی شتەکانە و کارکردنە بە ئەو شتەی کە باشترینە)). (عمری ( ٢٠١٨: ١٩). وەك (خوارزمی) بەدەم مرۆڤەکانەوە دەڵێت: بە ڕاستی گەیشتن و کارکردن بە ڕاستی کاری یەکەمی فەلسەفەیە، بەڵام لە فەلسەفەدا تەنیا بە چاویلکەی عەقڵیی هەموو شتە ڕاستییەکان نەتوانراوە بەدەستبهێنرێت.

یەکێکی تر لە فەیلەسوفانی سەردەم ورتر لەسەر فەلسەفە دواوە و دەڵێت: (( فەلسەفەی نوێ پرسیارکردنە، پوختەی پرسیارەکانیشی ئەمانەیە: واقع چییە؟ چۆن دەچیتە ناو ڕووداوەکانی ژیان (واقع) چۆن دەژی لە ناو ژیاندا (واقعدا)) ( دینانی:٢٠١٣). کاتێك تەماشای ئەم بیروڕا جوانە دەکەین، فەلسەفە بریتییە لە پرسیارکردن، بەڵام پرسیارێك ژیان خۆشتربکات، پێوەندیی تەواوی بە ژیانی تاك بە تاکەوە هەبێت، بەڵام بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وەڵامی زۆرە و یەکلایی نەبووەتەوە، سیستەمی ژیانی وڵاتانی ئێستا، هەریەکەیان بە شێوەیەك بەرنامەی ژیانیان ڕێکخستووە، هەر یەك لە ئەوانە وەڵامێکن بۆ ئەو پرسیارانە، بەڵام کامیان ڕاسترە، لە ژێر ئەزموونە و دەرنەکەوتووە و هەرەیەکەیان لە ئەوی تر خۆی بە باشتر دەزانێت.

وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، فەلسەفە یەکێك لە تایبتمەندییەکانی بەگشتیی ئەوەیە، قسەکردن لە سەر شتەکان هەتا ڕادەیەك درێژکردووتەوە و ئەم درێژکردنەوەیش دژیەکیی و گۆڕانکاری لە بەرهەمی بیریاندا کردووە. واتە ناتوانیت بە ئەنجامی پوختمان بگەیەنێت، ئەوەیشی دەیڵێت: بەرهەمی گفتوگۆ و بیرکردنەوەیە، (ئەفلاتۆن) گفتوگۆی دوورودرێژی هەیە. بۆ نموونە (کراتلیۆس)، ئەم گفتوگویە لە ڕێگەی سێ کەسایەتیی وەکو: (هێرمۆگینێس،

کراتلیۆس، سوقرات)ەوە، خراونەتەڕوو، بۆ ئەوەی (دروستیی ناوەکان) دەربخرێن. (ئەفلاتۆن) بیریکردنەوەی خۆی بەسەر ئەم سێ کارەکتەردا دابەشکردووە و لە کۆتاییدا  بە ئەنجامێکی وردیشمان ناگەنێت، وێڕای ئەوەی کە بیری جوان لە ناو گفتوگۆکەدا هەیە، دژیەکیی باشی تێدایە (بڕوانە: عیرفان:٢٠٠٩). با نموونەیەکی کورت وەربگرین، کاتێك ئەفلاتۆن لە ڕێگەی (هێرمۆگینێس)ەوە - دەڵێت: ((من بڕوام وایە هەر ناوێك تۆ لە شتێکی دەنێت، ئەوە ناوی دروستی خۆیەتی، ئەگەر ناوەکەی بگۆڕیت و ناوێکی دیکەی لێبنێت، ناوە تازەکەیش وەکو ناوە کۆنە دروستە)). (ئەفلاتۆن: ٢٠٠٦:١٠)، ئەم بیروڕایە هاوشانی بیروڕای زانایانی زانستی زمانی ئێستایە، بەڵام دواتر ئەم بیروڕایە پەسەند ناکات و بابەتەکە براوەتە ناو بابەتی زانین و داناییەوە. واتە لەسەر یەك شت ناوەستن و بابەتییانە لەسەر شتەکان نادوێن، بەڵکوم هەموو لایەنەکان تێکەڵکردووە و ئەنجامێکی ورد بەدەستەوە نادەن. لە پێشەکیی ئەم گفتۆیەشدا هەمان شت پشتڕاستدەکاتەوە کەلێڵیی و دژیەکیی لە ئەم گفتوگۆدا زۆرە، بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە (ئەفلاتۆن:٢٠٠٦)، (ئەرەستۆ: ٢٠٠٦) .

وەك ئاشکرایە کە ((ویستی فەلسەفی ئەفلاتۆن، لە دیالۆگەکانیشدا وەك یەك نیین، لە دیالۆگێکەوە بۆ دیالۆگێکی تر ڕای گۆڕاوە)). (حەمە:٢٠٠٧:٨) ئەم گۆڕانانەیش وایکردووە بیروڕای فەیلەسوفان زۆر بگۆڕێن و فەلسەفەکەیشیان جێگیر نەبن و گۆڕانکاریی تێدابووە، هۆکاری سەرەکیی ئەمەیش تەنیا لە سەر بنەمای عەقڵیی کاریانکردووە، بەپێ تەمەن و ئەزموونیش عەقڵی مرۆڤ و بیرکردنەوەکانی لەسەر ڕووداوەکانی گۆڕانیان تێداڕوویداوە، هاوشانی ئەوەیش تێخوێندنەوەی فەیلەسوف بەپێی سەردەم و کات گۆڕاون، لەبەر ئەم هۆکارانە و هۆکاری تریش بەئاسانیی ناتوانین، یان ئاسان نییە نیاز و بیرکردنەوەی فەیلەسوف دەستنیشان و دیارییبکرێن .

لە سەدەی بیستەمیشدا ئەو کەسەی کە مەرگی فەلسەفەی ڕاگەیاند و بڕوای بە مێژوو فەلسەفە نەما، (لۆدڤیك ڤیتگنشتاین (١٨٨٩-١٩٥١) بوو، کە کتێبێکی لە ساڵی (١٩١٨) بە ناوی "تراکتاتۆس لۆجیکۆ- فەلسەفی"(پەیامێکی لۆجیکی - فەلسەفی) نووسیووە، ئەم فەیلەسوفە زۆر (ئەنتی ئەفلاتۆن بووە) دژی ئەفلاتۆن بووە، بەڵام دواتر لە بیروڕاکانی خۆی پەشیمانبووەتەوە. دوای ئەمیش فەیلەسوفێکی تر بە ناوی (بادیو) بیروڕا فەلسەفییەکانی خستەڕوو، کە (ئەنتی ئەنتی ئەفلاتۆن بووە) واتە دژی ئەوانە بووە، کە دژی ئەفلاتۆن بوون. وەکو دەبینین ئەم خەرمانێکە لە دۆخی فەلسەفە، بۆ ئەوەی بتوانین بابەتییانە ئەم کارەبکەین، بەراوردێك لە نێوان دەربڕدراوی فەلسەفیی و دەربڕدراوی حیکمەت ( عەقڵ و ڕۆحە (گیانە) لە تەرازووی فەلسەفەی زماندا دەخەینەڕوو.

(ئەم فەیلەسوفە (لۆدڤیك ڤیتگنشتاین) بانگەشەی ئەوەی کردووە، گوایە کێشە هەرە کۆنەکانی فەلسەفەی بە تەواویی چارەسەر و یەکلاکردووەتەوە، بنەمای میتافیزیکیشی هەڵتەکاندووە، بەڵام خۆی بە بیروبۆچوونەکانی گەورەترین کێشە و گیروگرفتی فەلسەفەی بەرپاکردووە، بە شێواز و ناوەڕۆکێکی جیاوازترەوە). (عەزیز: ٢٠٣:٢٠١٣). وەکو خرایەڕوو لە فەلسەفەدا ئەوەی دەیەوێت کێشەی فەلسەفە چارەسەربکات، نەك چارەسەری تەواوی ناکات، بەڵکو بە بڕوای توێژەرەکانی فەلسەفە، کێشەی فەلسەفی نوێی دروستکردووە.

**٢-١/١) پێکهاتە شیکەرەوەکانی زمان و فەلسەفە لە تەرازووی زانستدا**

کاتێك تەماشای زمان دەکەین، (دەتوانرێت بگوترێت: کە پێکهاتەکانی زمان بریتیین لە (واتا، دەنگەکان، ڕستەکان)،لە ڕستەسازیدا کەرەستەکانی زمان پێکەوە ڕیز دەکرێن) (مەحویی: ١:٢٠٠٩). واتە (زمان تاکە پێڕەوی چڕ و ئاڵۆزە، کە لایەنە زمانییەکانی وشە (پێڕەوی هێما) و دەنگەکان (پێڕەوی فۆنێمەکان) و دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش پێکهاتووە) (محەمەدی مەحویی: ١:٢٠٠٩). زمان و فەلسەفەیش، لە واتا و پێڕەوی هێماکانی زمان و هێماکانی ژیان دەکۆڵنەوە، دروستەی قوڵیی زمان و دروستەی قوڵیی ژیانیش دەخەنەڕوو. واتە هەردووکیان پەیوەندیی و سنووری هاوبەشیان زۆرە، بەتایبەت لە بواری واتا و واتاسازییدا، چونکە ((بۆ زۆربەی زمانەوانەکان، لێکۆڵینەوەی واتا گرانترین کاری زانستییە، زمانەوان و ژیربێژییەکان ڕای جیاوازیان دەربارەی شیکردنەوەی واتا هەیە، کاتێك کێشە و گرفتەکانیانن بۆ دەردەکەون، کە بیانەوێت پێناسەمان بۆ ڕوونکردنەوەی واتای (وشە، ڕستە) پێبدەن)). (مەحویی: ٢:٢٠٠٩). ئەم توێژینەوەیش هەوڵدەدات لە ڕووی واتای زمانەوە و نموونە هێناوەوە ناونیشانی توێژینەوەکە بخەینەڕوو.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: کاتێك تەماشای فەلسەفە دەکەین، هەموو فەلسەفە بە زمان (گفتوگۆ و نووسین) کراوە و نوسراون، فەلسەفەیش پەیوەستە بە زمانەوە، هەمیشە بیرکردنەوە فەلسەفییەکان لە ڕێگەی زمانەوە دەخرێنەڕوو و بڵاوبونەتەوە. هەر لە ڕێگەی زمانەوە پەرە بە فەلسەفە دراوە گەشەیسەندووە، گفتوگۆی فەلسەفییش لە سەر فەلسەفە و فەلسەفاندن، هەر لە ڕێگەی زمانەوە کراون. ئەمەیش وادەکات - واتای فەلسەفەیی وشە و ڕستە و دەقەکانی زمان، لە تەرازووی فەلسەفەی زمانەوە پێویستە بخرێنەڕوو و شیبکرێنەوە.

**٣-١/١) بەرهەمی پێشینانی زمانی کوردی لە نێوان  فەلسەفە و حیکمەتدا**

زمانی کوردیی لە کۆنەوە گوتەی ژیربێژیی و دانایی پێنووسراوە (وەکو پەندی پێشینان، ئیدیۆم، چیرۆك و داستان، سەرگوزەشتە و ئەفسانە... تاد) سەرچاوەی ئەمانەێش  ئاوەزمەندی کوردییە و ئەمانە بەرهەمی گفتوگۆی نێوان کوردانی پێشینانمانە و کاریگەری ئایینیەکانی پێشینانی کوردی بە سەرەوەیە، بەڵام وەکو فەلسەفەی یۆنان نین و بە شێوەی گفتۆگۆی فەلسەفەیی تۆمارنەکراون، بەڵام لە بیرکردنەوەی جوان و پەسەند و فەلسەفیی بێبەش نین. ئەمەیش ئەو لۆژیکەی هەندێك لە تاکی دانیشتووی یۆنانیی ڕەتدەکەنەوە، کە ناونیشانی کتێبیان بە ناوی (یۆنان و بەربەرەوە) هەیە. یۆنانییەکان و زمانەکەیان لە جیهانێکی بەرز و بێهاوتادا داناوە زمانەکانی تریش (کە یۆنانیی نین)، بە بەربەر ناوبراون، بەربەریش بە واتای زمانەکانی تر هیچ نیین و پاراو  و شیاو نین، کە بتوانرێت فەلسەفەی پێبنووسرێن. (بۆ زانیاریی زیادتر لەسەر مێژووی کارکردن لەسەر زمان بڕوانە: (حوسێن: ٢٠١٤: ١٠-١٨)  .

**١-١/٢) واتای زمانی حیکمەت و فەلسەفە لە فەرهەنگی ئاوەزی کوردیدا**

لە دنیای ئەمڕۆدا، فەلسەفە جۆری هەیە، فەلسەفی یۆنان و فەلسەفەی ئیسلامیی، بەڵام فۆڕمی وشەکە سەرەتا بە یۆنان و ڕۆژئاواوە پەیوەستبووە، دوای ئاشنابوونی مسوڵمانان بە فەلسەی یۆنان، کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی مسوڵمانان هەبووە و بە چاویلکەی فەلسەفەوە لە ئایینیان ڕوانیووە و ڕاڤەیان بۆ کردووە، بەڵام لە سەرەتاوە لە فۆڕمی وشەکانەوە شیکردنەوە دەخرێنەڕوو.

حیکمەت، وشەیەکی مسوڵمانانەیە "ئیسلامییە"، لە قورئاندا هاتووە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خودای میهرەبانە، حەکیمەکانیش حیکمەتیان هەیە. خودای گەورە کاتێك باسی (لوقمانی حەکیم) دەکات و دەفەرموویێت: حیکمەتمان پێداوە. لێرەدا حیکمەت بە واتای توانای بەرزی تێگەیشتن و پێشبینیی بە گوتەی جوان و ڕوونکردنەوە بۆ داهاتوو - هاتووە، ئەمەیش لە ڕێگەی (حیکمەتەوە) داناییەوە کراوە.

زاراوەی (حیکمەت) لە فەرهەنگی زانستی (موحیت) دا، ئەم وشەیە بە وشەیەکی عەرەبی دانراوە، بەڵام بەدوداچوونی ئیتمۆلۆژی بۆ نەکردووە، وشە داتاشراوەکانیش کە لە ئەم وشەوە درووستکراوە، زیاتر لە (بیست و پێنج ) واتای هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ئەم کارەوە هەیە - واتا سەرەکییەکانی بریتین لە (دادپەروەری، زانست، خۆشەویستی)یە، (یعقوب: ٢٠٠٩:١١٠٧:).

هەر لەفەرهەنگی (موحیت) دا، باسی وشەی (فەیلەسوف/ فەلسەفە) دەکات و نوسراوە، کە بنەمای ئەم وشەیە یۆنانییە، بنەڕەتی وشەکە بەواتای (خۆشەویستی زانست و دانایی) هاتووە، لە بنچەدا لە وشە (فیلا) بە واتای خۆشەویستی و (سوفا) بە واتای زانست دێت و وشەی (فەلسەفە)یش، وشەیەکی لێکداراوە. (یعقوب: ٢٠٠٩: ٨٣٨ - ٨٣٩). وەك لە فەرهەنگە زانستییەکەدا هاتووە، وشەی فەلسەفە بە واتای خۆشەویستی زانست و دانایی هاتووە و بنەرەتی وشەکەیش یۆنانییە.

لە کۆنی کوردەواریدا وشەی (حەکیم و حیکمەت) لە گۆرانی، پەندی پێشینیاندا و قسەی نەستەقدا هاتووە، گوتویانە (هەر حەکیم بۆ لای دەردەدار چوون)، لێرادا (حەکیم) بە واتای پزیشک هاتووە، کە تونای چارەسەری هەمەلایەنەی هەبووە، ئەم وشەیەش بە هۆی کاریگەری ئایینەوە وەک ناوی کەسی بۆ توخمی نێر (کوڕ) لە ناو کورددا زۆر بەربڵاوە.

وشەی فەلسەفەیش لە گوتەی سەرزاری کوردەواریدا بە شێوەی (فەلسەفە لێمەدە) هاتووە، کە واتایی باشی نیە و وەک جۆرێک لە خۆهەڵنان بەرانبەر کەسەکان بەکارهێنراوە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: ((فەلسەفە بیرکردنەوەیەکە لەسەر لایەنی عەقڵیی کاریکردووە، بەڵام لەسەر لایەنی گیانیی "ڕۆحیی" بنیاتنراوە)). (عبدالعزیز: ٢٠٢٠). واتە فەلسەفە لەسەر بنەمای عەقڵ بڕیاڕدەدات، بەڵام ئەو کەسەی کار بە حیکمەت دەکات، وێڕای زانین و بیرکردنەوە، پشت بە زانستی خواداوەند دەبەستێت و ئینجا بڕیاڕ لەسەر بابەتەکان دەدات.

**٢-١/٢) واتاکانی حیکمەت و فەلسەفەی ئایینیی، لە تەرازووی فەلسەفەی زماندا:**

زانستی زمان، دیدێکی تایبەتی بۆ شیکردنەوەی چەمکەکان هەیە، جیاواز لە فەلسەفە لە زۆر بواردا ئەنجامی وردتری خستووەتەڕوو، چونکە شیکردنەوەی گشتیی بەدەستەوە نەداوە، بەڵکوم خاڵی لەسەر پیتەکان داناوە، بۆ هەربیروڕایەك دەربڕدراوی زمانیی بە نموونە دێنێتەوە و ئەنجامی لێوەرگرتووە. چەمکی حیکمەت لە زمانی عەرەبییدا زۆر باسکراوە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (عمری (٢٠١٨:١٥-٣٣)، بەڵام لە گۆشەنیگای زانستی زمانانەوە کەمتر خراوەتەڕوو، لە ئەو گفتوگۆیانەدا بەئاسانیی ناکۆکیی لایەنگرانی (حیکمەت و فەلسەفە) لە بیروڕاکانیاندا دەبینرێن، بۆ نموونە یەکێک لە توێژەرە ئایینییەکان دەڵێت: ((ئێمە بە ئەم جۆرە مرۆڤانە (هەموو کەس/ فەیلەسوفانیش) دەڵێین: ئەوە قورئانی پیرۆزە، کە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی فەلسەفەیە، بەڵام لە فەلسەفەی یۆنان جیاوازترە، لە ڕووکەشیدا جوانی و دانایی و لە ناوەڕۆکیشدا قوڵی و زانست هەیە)).( http://almodarresi.com/books). وەکو دیارە ئەمە یەکێکە لە کاردانەوەکان، بەڵام لێرەدا لەسەر ناکۆکییەکان بەگشتیی لێکۆڵنەوە ناکەین، چونکە هەردوو

بوارەکە، زانستن و زانستیش پیرۆزیی خۆی هەیە. دواجار هەردووکیان بۆ مرۆڤن و ئەو کەسانەی لە هەردوو کایەکەدا کاردەکەن بەندەی خودای گەورەن. لە ئەم گۆشەیەوە شیکردنەوەکان دەخرێنەڕوو، چەند پێناسەیەك لەسەر وشەی/ زاراوەی (حیکمەت) لە خوارەوە خراوەتەروو:

١.حیکمەت: واتە ((لە بابەتێکدا، یان لە شتێکدا، باشترین زانیاریی بە بەرزترین زانستەوە هەبێت)).(https://www.almaany.com) .

٢ .لە فەرهەنگی دەریادا، کە فەرهەنگێکی (عەرەبیی – کوردییە)، بۆ واتای حیکمەت ئەم واتایانەی (( ژیریی، دانایی، زانایی)) (کەریم: ٢٠٠٦:٢١٣) داناوە، بەڵام واتای دانا و زانا، لە ناو کوردا جیاوازی واتاییان هەیە، واتای گشتی هەر سێ وشەکە، ڕاستی گوتن و باشترین گوتە و باشترین بیرکردنەوە گرتووەتەوە - کە لە مرۆڤێکدا هەیە، ئەو کەسەیش خاوەنی حیکمەت بووە.

٣ .لە فەرهەنگی ئەلمونجیدی زمانی عەرەبییدا، یەکێکە لە فەرهەنگە زمانییە بە ناوبانگەکەی زمانی عەرەبیی، کە (عەرەبی – عەرەبی)یە، واتای وشەکانی بە شێوەیەکی زانستیی شیکردووەتەوە واتای (حیکمەت)ی، بە ئەم شێوەیە پێناسەیکردووە و ئەم واتایانەی بۆ داناوە: ((حیکمەت بە واتای: گوتەیەك کە پاڵپشتی ڕاستی بکات هاتووە. ژیربێژیی، بە واتایی کرداری ڕەوا، ڕاستیی و دروستیی کردارێك گرتووەتەوە، بە واتای دادپەروەریی، زانست، ڕامکردنی دەروون، زانستیش هاتووە)). (مەعلوف: ٢٠١٠: ١٤٦). وەکو دەبینین، لە هەردوو فەرهەنگەکەدا وشەی (حیکمەت) ئەو شتە جوانانەی بیری مرۆڤی گرتووەتەوە، کە بەسوود و گرنگە لای هەر کەسێک هەبێت.

وەکو لە پێناساکانەوە دەردەکەوێت، حیکمەت بە ئەو شێوە قسەیە دەگوترێت: کە بەرزترین زانیاری تێدایە، کە باڵای بەسەر هەموو زانین و زانستەکاندا هەیە، هەر زانینێك و زانستێکی بەرزیش لە هەر بوارێکی تایبەتدا ڕاستیی بخاتەڕوو، دەتوانرێت بە حیکمەت ناوبرێت. هەتا ئێرە بە شێوەیەکی کورت و پوخت لەسەر حیکمەت دواین، هەوڵدەدەین بە نموونەوە واتاکان و پەندیارەکانی بۆ ژیان بخەینەڕوو.

٢/١) خستەنەڕووی واتا کارەکییەکانی ڕستە فەلسەفییەکان، لە گۆشەنیگای زانستی زمانەوە

کاتێك تەماشای پوختەی بیری ( ڤیتگنشتاین: ١٨٨٩-١٩٥١) دەکەین، مشتومڕێکی زۆری لەسەر کراوە، لێرەوە شیکردنەوەی زمانیی بۆ دەکەین و دەیخەینەڕوو، چونکە ئەم فەیلەسوفە گرنگیی زۆری بە زمان و لۆژیك داوە.

یەکەم: (لۆتدڤیك ڤیتگنشتاین دەڵێت: (گشت جیهان ئەوەیە کە هەیە). (حەمە: ٣٢٩:٢٠٠٧).

کاتێك تەماشای ئەم ڕستە فەلسەفییانە بکەین، وەک دەگوترێت: کورت و پوختن، بەڵام بەتەواویی شیکردنەوەی بۆ بکرێت ورد نییە و بەرفراوانە، ڕێگە بۆ ئەوە خۆشکردووە، هەموو کەس بیرکردنەوەی خۆی، بە تێڕوانینی تایبەتی خۆی تێدا جێبکاتەوە، ئەمەیش شاشی و بۆشایی ئەم ڕستەیە خستووەتەڕوو. ئەم ڕستەیە خاوەنی ئەم تایبتمەندییانەی لای خواراوەیە:

ا. گشتییە و فەرماندانە.

ب. تەنیا ئەو شتانە بە بوون دانراوە، کە بە هەستەکان درکیانکردووە.

پ. ئەم ڕستەیە دژیەکیی تێدایە، ئەو شتەی نایبنین بە نەبوون دایناون.

ت. مەبەستی وردی دیار نییە و نامانگەنێتە شتێکی تایبەتیی، بەڵام وروژاندنی بیری تێدایە.

دووەم: لۆدڤیك ڤیتگنشتاین: (ئەوەی هەیە ڕاستییە (فاکتە) ، واتە بوونی حاڵەت شتە (دۆخی شتە) (حەمە:٢٠٠٧:٣٣٠).

کاتێك سەیری ئەم دەربڕاوە فەلسەفییەیانە بکەین، دوو ڕستەیە، یەکەمیان فەرماندانە، دووەمیان ڕوونکردنەوەی لەسەر بە هێزی فەرماندانەکە داوە. ئاسۆی بیری فراوانی تێدایە، بەڵام بابەتێکی دیارییکراو ڕوون ناکاتەوە، جیهانی لە یەك ڕستەدا بچووککردووەتەوە، بەڵام جیهانی بە ڕاستیی و ڕاستییانە نەخستووتەڕوو .

ئەوەی هەیە (منم، تۆیت، ئێوەن، ئەوانن، ئەوە:دار و بەرد، قەڵەم..تاد)، لە زماندا ئەم لێکدانەوەیە هەڵدەگرێت - لە کوردییدا دەربڕدراوی (ئەو) دۆخی شت پیشاندەدات، بەڵام وەك ئەوەی هەیە ناتوانێت ڕوونیبکاتەوە، چونکە (ئەو) بۆ چەند بوارێك بەکاردەهێنرێن بۆ نموونە:

١. ئەوەم بدە بەدەستەوە. (ئەوە... قەڵەمێکە، لەسەر زەوی کەوتووە).

٢. ئەو هات. (کوڕ، کچ، ژن، پیاو، منداڵ... دەگرێتەوە).

وەك (١، ٢) دەیبینین، لە زماندا هەتا ڕادەیەك دەتوانین بە ڕاستییەك بگەین، چونکە ئەو (شت، یان مرۆڤ) دەگرێتەوە، بەڵام دوای ئەو ڕوون نییە، ڕوونکردنەوەکەیشی بەجێهێشتەوە بۆ دوای خۆی و هەرکەسێکیش بە دڵی خۆی دەتوانێت ئەم ڕستەیە ڕاڤەبکاتەوە. واتە زۆر گشتییە و نادیارە، دۆخی شتیش کە (لۆدڤیک ڤیتگنشتایین) باسیکردووە، لە دەیان دیاردەدا هەیە، مەرج نییە (دۆخی شت) هەموو کات نیشانە بێت بۆ بوونی شتێك، دەیان کەس هەڵگری ڤایرۆسن و دۆخی ڤایرۆسیان هەیە، بەڵام هیچ شتێك دەرناخەن، هەتا سووری

ڤایرۆسەکەیش لە ناودەچێت. بە دیوێکی تردا ڕاستییەکی لێڵ و قوڵ لە گوتەی فەلسەفییدا هەیە، هەندێك کاتیش لە ڕاستیی بە تەواوی دوورکەوتووتەوە.

وەك خرایەڕوو لە زماندا بە پێی چێوەی ئاخاوتن لە (ئەو)ی زمان دەگەین، بەڵام (ئەوەی هەیە فاکتە) ئەم (ئەوە) گشتییە و دیار نییە، فەرماندانە بۆ گشت شتەکان، بەڵام بۆ هەموو شتەکان ئەمە ڕاست نییە. زۆر شت هەیە، بەڵام دیار نییە، لەبەرئەوە ئەم گوتە بۆ کەسانێك چێژی خۆی هەیە، بەڵام بۆ هەموو کەسەکان مەرج نییە بەسوود/ چێژدار بێت.

سێیەم: لۆدڤیك ڤیتگنشتاین: (گوتنی بیرێك واتائامێزە). (حەمە:٢٠٠٧:٣٣٤)

کاتێك تەماشای ڕستەی (٣) دەکەین، باسی ئاخاوتنی کردووە، هەر دەربڕدراوێکیش لە زمان دێتە دەرەوە هەڵگری نیشانەی واتاییە، یان واتا ئامێزە و واتایەکی بەدەستەوە داوە و جۆری واتاکەیش گرنگە، بەڵام مەبەستی لە کام واتایەیە؟ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، لە زانستی زماندا گوتنی هەر دەربڕدراوێك واتا ئامێزە و بیر بە تەنیا نییە. زۆر شت هەیە ناگوترێت و واتائامێزە، ( بۆ نموونە: ئاماژەی چاو، دەست) ناگوترێت، بەڵام زۆر پڕواتان. وەك دەبینین، گشتاندن و لێڵیی لە وتەکەدا بەدیکراوە، وێڕای ئەوەیش واتای جوانیشی تێدایە، بەڵام ڕوونکردنەوەی زۆر ئاسان نییە و بۆشایی بیرکردنەوەی زۆری تێدا بینراوە.

چوارەم: لۆدڤیك ڤیتگنشتاین: (فەلسەفە هەمووی ڕەخنەی زمانە). (عەزیز: ٢٠١٣:٢٠٦).

تەماشای ئەم گوتەی ژمارە (٤) بکەین، فەلسەفە هەمووی بە زمان دەربڕدراوە، ڕەخنەیش بە واتای چاککردن و بەکارهێنانی زمان لە بواری فەلسەفەدا هاتووە. واتە جۆرێك لە دڵنیایی فەیلەسوفیکی تێدایە کە دەتوانێت بەتەواویی فەلسەفە چاك بکات، بەڵام وەك لە سەرەوە خرایەڕوو، توێژەرانی بواری فەلسەفە بە (لۆدڤیك ڤیتگنشتاین) دەڵێن: پێویستە فەلسەفەکەی ڕەخنەبکرێتەوە و پێداچنەوەی بۆ بکرێت و ڕێکبخرێتەوە. واتە گەیشتن بە ئەنجام لە فەلسەفە ئاسان نییە.

## ٢/٢) خستنەڕووی واتا کارەکییەکانی ڕستەکانی حیکمەت و فەلسەفەی ئایینیی، لە تەرازووی زانستی زماندا

لێرەدا بۆ ئەوەی بابەتەکە بخەینەڕوو، نموونەیەك لە کتێبی ئایینیی وەردەگرین، کە لە (٢٠) ئایەت و ڕستەی ئاینیدا باسیلێکراوە. (محمد: ٦٠-٨٣)، ئەوەیش بەسەرهاتی (زاناکە و موسایە (د.خ). خودای گەورە و میهرەبان، بە موسای "د.خ" گوتووە، کەسانی لە ئێوە زاناتر هەیە، هەوڵبدە بیدۆزیتەوە سوودی لێوەربگریت. لێرەوە ئەم بەسارهاتە باسدەکیەن و هەوڵدەدەین

بزانین، ئایا ئایین بە تەنیا حیکمەتە؟ یان فەلسەفەیە؟ یان هەردووکیانە، لە شیکردنەوەی نموونەکانەوە ئەم وەڵامانە دەخرێنەڕوو.

گفتوگۆی یەکەم: موسا و هاوڕێ لاوەکەی:

لە ڕاڤەی ئاساندا (تەفسیری ئاساندا)، باسی چیرۆکی موسا (د.خ) و هاوڕێ گەنجەکەی دەکات و دەڵێت: ((موسا بە هاوەڵەکەی گوت: من کۆڵنادەم و دەڕۆم، ئەگەر چەند ڕۆژم پێبچێت، هەتا دەگەمە ئەو شوێنەی دوو دەریاکە یەکیانگرتووە، یان بە ئەنجام دەگەم (ئەمە لە لایەن خودای گەورەوە دیارییکراوە، لە ئەو شوێنەدا ئەو کەسە زانایە "خزر" دەبینێت).نیشانەکەیان ئەوەبوو ئەو ماسیەی کە وەك توێشوو هەڵیانگرتبوو، لە هەرشوێنێك چووە ناو دەریاوەکەوە، لە ئەو شوێنەدا زاناکە دەبینن، کە گەیشتنە لای دوو دەریاکە، ماسییەکە چووە ناو دەریاکەوە، بەڵام موسا (د.خ.) ئاگایی لێی نەبوو، هاوڕێکەیشی بیریچوو پێیبڵێت، هاوڕێکەی گوتی: ئەگەر لە بیرت بێت ئەو کاتەی کە چووینە سەر بەردە گەورەکە کاتێك بۆ پشوودان دانیشتبووین، ماسییەکە زیندووبوویەوە/ هەڵبەزییەوە بە شێوەکی سەیر چووە ناو دەریاکەوە، بەڵام شەیتان بیریبردمەوە، کە بە ئێوە بڵێم، موسا گوتی: هەر ئەو شوێنەبوو، ئێمە دەمانویست/ دەبوو لە ئەو شوێنە چاوەڕی بوینایە)). ( محمد:٦٠-٦٣).

لە ئەم گفتوگۆی یەکەمەدا، دوو هاوەڵی یەکترین بۆ بینینی کەسێکی زانا چوون، بەڵام ئەو شوێنەی پێویستبوو بووەستانایە – بیریچوبوو، بۆ بیرچوونەوەکەیش شەیتانی تاوانبارکردووە. دواتر بۆ ئەو شوێنە گەڕاونەتەوە، دوای ئەمە ئیتر ناوی ئەم هاوڕێیەی نامێنێت، هاوڕێکەی لە ڕووی زانستییەوە لە موسا (د.خ) زانستی کەمتر بووە، دوای ئەم هاوڕێیەی ڕۆشتووە بۆ لای زاناکە، لێرەوە گفتوگۆی موسا (د.خ) و زاناکە دەستپێکردووە، لە ئەم دەقەدا جەخت لەسەر گەڕان و ماندوو نەبوون بە دوای زانستدا دەکاتەوە. واتە موسا (د.خ) فەیلەسوفانە، شەیدای ڕاستیی و زانست و زانینە، هەندێك ڕستەی زمانی لە ڕووی واتاوە لە ئەم دەقەوە وەردەگرین:

١. موسا بە هاوەڵەکەی گوت: من کۆڵ نادەم و دەڕۆم، ئەگەر چەند ڕۆژم پێبچێت. (محمد:٦٠).

کاتێك تەماشای ڕستەی (١) دەکەین، جەخت و خۆشەویستیی بۆ زانست تێیدا ڕەنگییداوەتەوە، جەختەکان لەسەر وشەی (کۆڵنەدان، ڕۆیشتن، چەند ڕۆژ "ماوە")ە، لێرەوە ئەوە دەخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی بە زانین بگەین: پێویستە کۆڵنەدەین، بڕۆین، کاتی زۆر بۆ فێربوون و زانین تەرخانبکەین، ئەوکات بە هەندێك لە زانست دەگەین، فەیلەسوفانیش کۆڵیان نەداوە، ڕۆیشتوون، کاتێکی زۆریان بۆ فێربوونی زانین تەرخانکردووە، هەتا گەیشتوون.

٢. موسا (د.خ) دەفەرمووێت: هەتا دەگەمە ئەو شوێنەی دوو دەریاکە یەکیانگرتووە.

لە ڕستەی دووەمدا باسی دوو دەریا دەکات، دەریایەك موسا (د.خ)، دەریایەکیش (زاناکە)یە، یەکیان خۆشەویستیی زانستی لە لا زۆرە و ئەوی تریان زانستی بەرزی (حیکمەتی) پێیە، یەکدەگرن، گفتوگۆدەکەن، بۆ ئەوەی بە زانست و ئەزموونی نوێتر بگەن. ماسییەکە مردووە، ئەو شوێنەی ئەو دوانە یەکدەگرن، ماسییەکە زیندوودەبێتەوە، ماسی بەبێ ئاو ناژی، مرۆڤیش بەبێ زانیاریی ناتوانێت خۆش بژی. ماسییەکە هێمای مرۆڤە/ موسایە (د.خ) کە بە زانین دووبارە دەژیێتەوە.

گفتوگۆی دووەم: موسا و زاناکە (خدری زیندە) (د.خ) (سواربوونی کەشتییەکە)

لە گفتوگۆی دووەمدا، خودای گەورە و میهرەبان: دەفەرمووێت: ئێمە لە میهرەبانیی و زانست و زانیاریی تایبەتی خۆمان (کە حیکمەتە)، بە زاناکە بەخشیبووە.

١. موسا (د.خ) دەفەرمووێت: ئایا مۆڵەتم دەدەیت، کە بەردەوام لە گەڵت بم، تا لە ئەو زانست و زانیارییەی کە لە لایەن خودای گەورەوە فێرکراویت منش فێربکەیت و نیشانمبدەیت، بەڵکو لە کاروبارمدا سودی لێوەربگرم؟
٢. زاناکە: بیگومانم هەرگیز تۆ ناتوانیت، لەگەڵ مندا خۆڕاگر بیت، جا چۆن ئارامدەگریت، لە بەرانبەر شتێکەوە، کە هەواڵت لێی نییە و ئەمسەر و ئەوسەری ئەودۆخە نازانیت؟

موسا (د.خ): دەمبینیت، ئەگەر خودا ویستی لەسەربێت، خۆڕاگر دەبم و لە هیچ فەرمانێکت دەرناچم. زاناکە (د.خ): جا ئەگەر شوێنمکەوتیت، پرسیار لە هیچ شتێك مەکە، هەتا خۆم لە نهێنییەکەی ئاگادارتاندەکەمەوە .

٣. .پێکەوە سواری کەشتییەکە بوون، زاناکە لە ناو دەریادا دەستی بە کونکردن (عەیبدارکردن)ی کەشتییەکە کرد.

٤.موسا: باشە تۆ چۆن ئەم کەشتییە کوندەکەیت، هەرچی سەرنشینە نوقمیدەکەیت؟ بە ڕاستیی کارێکی ناشایستەی گەورەت کرد.

٤ .زاناکە: پێم نەگوتیت، بە ڕاستیی تۆ هەرگیز ناتوانیت، لەگەڵ مندا ئارامبگریت و دان بە خۆتدا بگریت.

٥ .موسا (د.خ) فەرمووی: لێم مەگەرە مەرجەکەم فەرامۆشکرد، فێربوونی ئەو زانیارییەی دەمەوێت لە تۆوە فێربووم، تکایە لەسەرم قورس و گران مەکە.

وەك دەبینین لە ڕستەکاندا(٠ئایەتی ٦٠-٨٢یە) ، موسا (د.خ) فەیلەسوفانە ڕووداو دەبینێت و خۆی ناگرێت پرسیار دەکات، خودی پرسیارکردنەکەیش مافی خۆیەتی، بەڵام ئاگاداری

حیکمەتەکەی نییە، خۆشەویستیی موسا "د.خ" بۆ زانست و زانین وایلێدەکات داوای لێبوردن بکات و بۆ ئەوەی هاوڕێیەتیی لەگەڵ زاناکەدا بەردەوامبێت، بۆ ئەوەی زانستی تر فێربێت. لێرەدا باسی سروشتی مرۆڤ دەکات کە لەبیرکردنە، کە زۆرجار نەزانینی مرۆڤ لە بیرچوونەکانییەوە سەرچاوەی گرتووە.

گفتوگۆی سێیەم: موسا و زاناکە (د.خ) (چوونە سەر وشکانییەکە)

١.زاناکە: منداڵێکی بینی و گرتی و کوشتی.

٢ .موسا (.د.خ): سەیرە، ئەوە بۆچی منداڵێکی بێتاوانت کوشت، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت، سوێند بە خودای گەورە کارێکی ناپەسەندتان کردووە.

٣ .زاناکە: پێم نەگوتیت: کە بە ڕاستیی تۆ هەرگیز ناتوانیت، لەگەڵ مندا ئارامبگریت و دان بە خۆتدا بگریت.

٤ .ئەگەر دوای ئەمە پرسیاری هەرشتێکم لێکردیت، ئەوکات هاوڕێیەتییم مەکە، بە ڕای من مافی خۆتە و لە لایەن منەوە بوراویت.

وەك دەبینین، لە گفتوگۆی سێیەمدا و ڕستەی (١-٤)دا، منالێك کوژراوە و هیچ تاوانێکی نەکردووە، لێرەدا کوشتنی وەها لە ڕووی (فەلسەفەوە) جێگەی مشتومڕ و ناڕەزای دەربڕینە، بەڵام ئەم کوشتنە حیکمەتە و بێدەنگبوون لێی باشترە. فەلسەفە قسەکردنە لەسەر ئەو شتانەی بە چاو بینراوە، حیکمەت ئەو شتانە دەبینێت و لە ئاستیاندا بێدەنگبووە، چونکە ئاکامی شتەکانی بینیووە. لە ڕووی فەلسەفەوە موسا (د.خ) دانیناوە بە ڕاستییدا و خۆی بە خاوەنی کەموکوڕیی داناوە. زاناکەیش لێیبوراوە و پێکەوە بەردەوامبوون. زاناکە زۆر ئارامە، چونکە هەر کردارێکی کردووە بە زانیاریی تەواوەوە ئەنجامیداوە، ترسی لە ئاکامەکەی هیچ نەبووە.

گفتوگۆی چوارەم: موسا و زاناکە (د.خ) (چوونە ناو شارۆچکە)

هەردووکیان بۆ ناو شارۆچکەکە چوون، زۆر برسییان بوو، داوای خۆراکیان لە خەڵکەکە کرد. خەڵکە دەستیان بەڕویانەوە نا و هیچیان پێنەدان و میوانداریيان لێنەکردن. دوا ئەوەی دیوارێکیان بەدیکرد، خەریکبوو بڕوخێت.

١ . زاناکە دیوارەکەی چاککردەوە. (بەبێ بەرانبەر چاکیکردەوە).

٣. موسا (د.خ) گوتی: ئەگەر بتویستایە، کرێیەکت بەرانبەر ئەم کارە وەردەگرت. (داوای پاداشتکردن).

٤. زاناکە: ئیتر ئالێرە بە دواوە، کاتی جیابوونەوەی من و تۆیە، من تاوێکی تر تۆ ئاگاداردەکەم، لە ڕاستێتیی و سەرئەنجامی ئەو کردارانەی کە کردوومە و تۆ نەتتوانی ئارامبگریت.

ئەوەی خرایەڕوو، لە (فەلسەفە و زاست) دا، داواکردنی پاداشت و لێپرسینەوە لە کرداری نەشیاو دەکرێت، وەك ئەوەی ناڕەزایی بۆ (زیانگەیاندن بە کەشتیی، کوشتنی منداڵ، بنیاتنانەوە دیواری ڕووخاو) دەربڕاوە، بەڵام لە (حیکمەت) دا، نە سەرزەنشت و نە ناڕەزایی هەبوون، بۆ زیانگەیاندن و کوشتن، نە چاوەڕێی پاداشتکردن هەبووە، ئەمەیش خاڵی جەوهەری جیاوازیی فەلسەفە و حیکمەتە لێرەدا خڕایەڕوو.

لە ئەم گفتوگۆیەدا، بۆ ئەوەی کەسێك فێرببێت، ئەو کەسەی دەیەوێت فێرببێت پێویستە ئارامبگرێت، لەسەر هەموو شتێك نەدوێت کە بەچاو دەیبینێت. فەلسەفە و حیکمەت لێرەدا بەشدارە و فەیلەسوف دەیەوێت لە ڕێگەی پرسیارەوە بە حیکمەت بگات و چەند حیکمەتێك فێرببێت، کە لە ڕووی فەلسەفەوە گونجاو نەهاتووەتە پێشچاو.

دوا ئەم سێ ڕووداوە خرایەڕوو، حیکمەتی هەرسێ کردارەکەی پێدەڵێت، کە لە ڕووی فەلسەفەوە (عەقڵ) ژیانەوە پەسەنکراو نەبوون.

زاناکە دەڵێت: کەشتییەکەم لەبەر ئەوە کونکرد، پاشایەك لە دەریاکەدابوو، هەرچی کەشتییەك بێگرفت بووایە، دەستی بەسەردادەگرت، بە هۆی ئەو کونتێکردنەوە، کەشتییەکە دەستی بەسەردا نەگیرا. ئەو منداڵەی کوشتم، ویستم پەروەردگار منالًکی باشتر بە ئەو دایك و باوکە ببەخشێت، چونکە منداڵەکە لە ئایندەدا باش دەرنەدەچوو. دیوارەکەیش چاکمکردەوە، خاوەنەکەی دوو منداڵی بێباوکی شارۆچکەکە بوون، (لە ژێریدا گەنجینەیەکی زێڕ و زیویان هەبوو) کە باوکیان بۆ ئەوانی شارردبوویەوە، ئەگەر گوێمان پێنەدایە، لافا و زریان دەریدەخست و ئەو خەڵکە ڕەزیلەی کە میواندارییان نەکردین دەستیان بەسەردادەگرت. ئەمەیش لەبەر خاتری باوکیان کە پیاوچاك و خواناسبووە، خودای گەورە و میهرەبان ویستی لەسەر ئەوەبووە، کاتێك کەوتنە سەرپێی خۆیان گەنجینەکە دەربهێنن، ئەمەیش میهرەبانیی خودای گەورەیە. هەموو ئەو کارانەی کردم، لە خۆمەوە نەمکردووە، ئەمەیش ڕاز و نهێنیی ئەو کارانەبوو کە تۆ خۆتت بۆ ڕانەگیرا. موسا (د.خ) بێدەنگ و ڕازیبوو.

لە کتێبە ئاسمانییدا گفتوگۆی (خودای مەزن و مرۆڤ، پادشا و هاوڵاتیی، بێباوەڕ و باوەڕدار، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، گیاندار و مرۆڤ، شەیتان و فریشتە و خودای گەورە... هتاد)، ئەم گفوتۆگیانەیش بۆ گەیشتن بە ڕاستییە و ڕاستییش دەردەخات، بەڵام لە فەلسەی یۆنانیش ئەم

جۆرە گفتوگۆیان دەبینرێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو کات ناتوانێت بەوردیی ڕاستیی تەواو بخاتەڕوو.

ئەم گفتوگۆی (موسا و زاناکە (د.خ) گفتوگۆی کەسێکە بەدوای زانین و زانستدا گەڕاوە و خۆشەویستیی بۆ زانست هەیە (فەیلەسوفە)، هەمیشە پرسیاری لە لا دروستبووە، زانەکەیش کەسێکە کە خودای گەورە زانستێکی گەورەتری پێبەخشیووە، کە حیکمەتە. پێویستی تەنیا بە ئارامیی و کارکردن هەیە. لێرەوە بە ئەو ڕاستییە دەگەین، فەلسەفە پرسیاردەکات و پرسیار دەوروژێنێت، بەڵام حیکمەت وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، هەتا ئەو ڕادەی دەتگەینێت بە دڵنیایی و ڕەزامەندیی (بۆ موسڵمان بەتایبەتیی). کاتێك موسا (د.خ) تێگەیشت بێدەنگبوو، حیکمەت زانینە بە بێدەنگبوونەوە، فەلسەفەیش پرسیاردەکات بۆ ئەوەی بەزانین و ئارامیی حیکمەت بگات.

**ئەنجامەکان:**

1. **فەلسەفە وشەیەکی ڕۆژئاواییە و حیکمەت وشەیەکی ئیسلامییە، موسا (د.خ) دەتوانرێت وەکو نمونەیەکی فەلەسەفەی ئیسلامی ناوی بهێنرێت.**
2. **فەلەسەفە و حیکمەت هەردووکیان دوو بواری زۆر جوانن، حیکمەت لە عەقڵ باڵاترە.**
3. **فەلسەفە لە ڕێگایی ئەقڵەوە بە دوای ڕاستیدا گەڕاوە، بەڵام ئەقڵ بە تەنیا ناتوانێت بە ڕاستی ڕووداو و دیاردەکان بگات، حیکمەت لە سەروو ئەقڵەوەیە.**
4. **حیکمەت زانینە بە بێدەنگبوونەوە، فەلسەفەیش پرسیاری کردووە بۆ ئەوەی بەزانین و ئارامیی حیکمەت بگاتەوە. فەلسەفە زیاتر قسەکردنە لەسەر ئەو شتانەی بە چاو بینراوە و لە ئەم دنیایەدا هەن، بۆئەوەی بە ئارامی بگات، بەڵام حیکمەت خۆی ئارامییە.**
5. **فەلسەفە، لەسەر بنەمای هەستەکان بیریکردووتەوە و بڕیاڕیداوە، بەڵام حیکمەت وێڕای ئەوەی پشتی بە هەستەکان بەستووە، پشتی بە زانیاری دەقی خودای و سروشیش بە تەواویی بەستووە.**
6. **زۆربەی کات پێشبینییەکانی فەلسەفە بۆ ئەم دنیایەیە، بەڵام حیکمەت وفەلسەفەی ئیسلامی بە گشتی بۆ هەردوو دنیایە.**
7. **لە فەلسەفە و فەلسەفەی ئیسلامی و زاستیشدا، داواکردنی پاداشت و لێپرسینەوە لە کرداری نەشیاو کراوە، وەك ئەوەی ناڕەزایی بۆ (زیان گەیاندن بە کەشتی، کوشتنی منداڵی بێتاوان، بنیاتنانەوە دیواری ڕووخاو) دەربڕیووە، بەڵام لە حیکمەتدا (بە تایبەت لە ئەم چیرۆکەدا) نە سەرزەنشت و نە ناڕەزای هەبوون، بۆ زیانگەیاندن و کوشتنی مناڵەکەیش، نە چاوەڕێی پاداشتکردنبوون، ئەمەیش خاڵی جەوهەری جیاوازیی فەلسەفە و حیکمەتە لێرەدا خڕایەڕوو.**

**سەرچاوەکان:**

**ا. کتێب**


**١. قورئانی پیرۆز: بورهان محمد ئەمین (٢٠١٦)، تەفسیری ئاسان (بۆ تێگەیشتنی قورئان)، چاپی دووەم، پێداچوونەوەی لیژنەیەك.**

**٢. ئەفلاتۆن (٢٠٠٦) کراتلیۆس، و: ئاوات ئەحمەد، ، دەزگا و چاپی سەردەم، چاپی یەکەم، ١سلێمانی.**

**٣. ئەرستۆ، (٢٠٠٩) کاتیگۆرییەکان، و: د. محەمەد کەمال، دەزگا و چاپی سەردەم، چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (١٩٥٧)، سلێمانی.**

**٤. (٢٠٠٦)، میتافیزیکا، د. محەمەد کەمال، دەزگا و چاپی سەردەم، چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (١٩٥٧)، سلێمانی.**

**٥. ئیبراهیم ئەحمەد شوان (٢٠٠١)، سۆفیگەریی"شیعری ئایینیی و سۆفیگەریی لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا" چاپی یەکەم، هەولێر.**

**٦. ئارام قادر (٢٠١٠) شرۆڤەی لۆجیکی بۆ زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، ژمارەی سپاردن (٤٩٥)، هەولێر.**

**٧. ئازاد حەمە (٢٠٠٧)، ویستی فەلسەفتاندن، بادیو و ڤیتگنشتاین، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (٤٠١)، هەولێر**

**٨. بێرل س. بەك: (٢٠١٣)، نامەیەك لە پەکینەوە، و: عەزیز گەردی، چاپ یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.**

**٩. تالیب حوسێن عەلی، (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر. هەولێر) .**

**١٠. ڕزگار کەریم (٢٠٠٦)، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی – کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیحسان، ژمارە (٨٠٧) ساڵی (٢٠٠٥) وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە، تاران.**

**١٠. شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکی، چاپی یەکەم، جاپخانەی پیرەمێرد، سلیمانی.**

**١١. عرفان مستەفا حەمە ڕەحەیم (٢٠٠٩)، کێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەیدن، هەولێر.**

١٢. فوئاد عەبدولڕەحمان (٢٠٠٩)، بیر – ئاوەز – زمان، دەستگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیری هۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی.

١٣. فاروق ڕەفیق (٢٠٠٩)، فەلسەفە و ژیان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارەی سپاردن (١٦٩٩) سلێمانی.

١٤. کاروان عومەر قادر (٢٠٠١٢)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (١٩٥٩)، ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی پێدراوە، چاپخانەی بینیایی، سلێمانی.

١٥. کوردستان موکریانی (٢٠٠٨)، سەردەمانی زمانی ئێرانی کوردی و کۆمەڵەی زمانانی ئێرانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە (٨٠٨)، هەولێر.

١٦. لۆدڤیدك فتگنشتاین (٢٠١٥) تراکتاتۆس (توێژینەوەیەکی لۆجیکی فەلسەفیی)، و: حەمید عەزیز، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.

١٧. لویس مەعلوف (١٣٨٩:٢٠١٠)، ئەلمونجید فی اللغه (چاپێکی ڕوونکراوەی نوێیە)، چاپی شەشەم، چاپخانەی (ژوی القربی)، تاران.

١٨ .محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەککەم، چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن، (٩٣) ٢٠٠١، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٩ محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩)، زانستی هێما (هێما، واتا و واتالێدانەوە)، بەرگی دووهەم، چاپی یەکهەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٢٠. هیوا جەلال (٢٠٢٠) فەلسەفەی زمان (فێرگە، ڕاسڵ، فیتگنشتاین)، چاپی یەکەم، چمارەی سپاردن (١٥٢٨)، ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی.

پ. سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

١ .بایزیدی خیره (٢٠١٩)، ایشکالییە اللغه عند (لودفیغ فیتجنشتاین)، مژکره تخرج لنیل شهادە الماستر تخصص: فلسەفه عامه، الجمهوریه الجزائیریه الدیمکارتییه الشعبییه. جزائیر.

٢. نعوم تشومسكي(٢٠٠٥)، آفاق جديدة في دراسة اللغة والذهن، ت: حمزة بن قبلان المزينى، الطبعة الاول، ... .

٢. محدالدين محمد بن يعقوب الفيروز ابادي (٢٠٠٩)، القاموس الميط، الطبعة الثالثة، دارالكتاب العلمية، بيروت، لبنان

ب. گۆڤاری زانستیی بە زمانی عەرەبی

١ .محمد نبیل عمری (٢٠١٨)، العلاقه بین القران والفلسفه، دراسه وصفیه و المقارنه، المجله الاسلامیه والمعرفیه (مجله الفکر الاسلامی المعاصر،العدد ٩٢).

ب. چاوپێکەوتنی تایبەت

١ .عبدالله عبدالعزیز نێرگسەجاڕی (٢٠٢١) ، تێگەیشتن لە دیاردەکان ، بیرمەندی کورد، گفتوگۆمان لەگەڵدا کردووە.

ت. لاپەڕەی تایبەت: بەرنامە تەلەفزوێنیەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان:

١. غلام محسین ابراهیم (پ.د) (بیرمەندی ئێرانی) (٢٠١٣) گوتاری، فەلسەفە و بیرکردنەوەی سوهرەوەردی، واڵی تایبەتی بیرمەند، غولام محسین ابراهیم/ گفتوگۆی ڤیدیۆیی تەلەفزوێنی شەبەکە چواری ئێران سوودم لە بیرکردنەوەکانی وەرگرتووە، پلەی زانستی پرۆفیسۆرە و مامۆستای فەلسەفە - زانکۆی تارانە.

پ. پێگەی ئەلیکترۆنی:

١. http://almodarresi.com/books/٣٢/a١١agufd.htm?fbclid=IwAR١C٩٦KH_Q-GUG٤GuwfIwqiPGDwUo١NQsgmuaSbwkx-JT٤EvLW٢UJCbWmmw https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D٨%AD%D٩%٨٣%D٩%٨٥%D٨%A٩-%D٨%A٨%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%BA%D٨%A٩/?fbclid=IwAR١TfdfWOkHIWsnVAs٢IPqatOB٢W٠mIyiqRs٦٠UNvRSshDxyiP٠٢٥٠Ipuug

٢. https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%AD%D٩%٨٣%D٩%٨٥%D٨%A٩

**المستخلص:**

هذا البحث المعنون بـ **(الفلسفة والحكمة في ميزان فلسفة اللغة (القصة القرآنية للخضر – عليه السلام – نُموذجًا)**، جاء من أجل الالتفات إلى جانب مهم من جوانب اللُّغة الكورديّة التي لم تحضَ بالعناية من قِبَل الباحثين، ألا وهو فلسفة اللُّغة الكورديّة. هذا البحث جاء في دقّة فصلين، خُصِّص أولهما، للعلاقة بين اللُّغة والفلسفة، ومن ثَمّ العلاقة بين اللُّغة الكورديّة والفلسفة والحكمة وتعريفهم علمياً، وقد استفدنا في هذا الفصل من بعض النّماذج الخاصّة بالعلماء الإيرانيين وثقافتهم في ضوءِ العلاقة بين الثقافة الشرقيّة والغربيّة، راجيًا في تعزيز الثقافة الكورديّة، ومعتمدين في التحليلات العلمية كلّها على موازين اللّسانيّات وتطبيقها موضوعيًا في ضوءِ هذا العلم.

أمّا الفصل الثاني فقد خُصِّص للجانب التطبيقيّ من هذا البحث بالاستناد إلى الآراء الفلسفية للفيلسوف (لودفيك فيتكنشتاين ١٨٨٩ – ١٩٥١) وتطبيقها منهجيًا على نموذج قصة النبي موسى (عليه الصلاة والسلام) المذكورة في سورة الكهف اعتمادًا على مقولاته مع صاحبه، من أجل بيان الاختلاف والتباين الحاصل في فلسفتهما وعرض الحكمة العلميّة منها، مذيّلاً بأهمّ النتائج التي توصلنا إليها.

## Abstract

This study is entitled (**Philosophy and Wisdom in the Scale of Language Philosophy (The Qur'anic Story of Al-Khidr - ealayh alsalam - as a Model**)), consists of two parts. The first part is provided for the relationship between language and philosophy especially the relationship between Kurdish language and philosophy, following the introduction of these concepts in a scientific way. In some occasions we have mentioned Iranian culture as an example of the eastern enlightenment comparing to the western culture; to support the Kurdish culture. These analyzes has been performed in linguistics' framework, to perform our study objectively. The main purpose choosing this title is to clarify the philosophy of Kurdish language which rarely studied before.

In the second part, a logical comparison has been performed between, the philosophical opinions of (Ludwig Wittgenstein (١٨٨٩-١٩٥١)), and an example story (the story of Moses and Khidir) from the Holly Quran (١٨:٦٠-٨٢). The differences of their vison, wisdom and philosophy is discussed from their speech. This study could be a good phase towards further developed and more in-depth research in the field. Finally, we have come to several scientific conclusions.